هەرکەسێک بمرێت و هیچ هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێت ؛ دەچێتە بەهەشتەوە، وهەرکەسێک هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار دابێت ؛ دەچێتە دۆزەخەوە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەو دوو شتە مسۆگەرە کامانەن؟ ئەویش فەرمووی: «هەرکەسێک بمرێت و هیچ هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێت ؛ دەچێتە بەهەشتەوە، وهەرکەسێک هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار دابێت ؛ دەچێتە دۆزەخەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە ئەو دوو شتەی: کە یەکێکیان چوونە بەهەشت واجب دەکات، وئەوی تریان چوونە دۆزەخ واجب دەکات؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە : ئەو شتەی دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت ئەوەیە مرۆڤ بمرێت لەکاتێکدا بەتەنها خوای گەورەی پەرستبێت وهیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدابێت، وئەو شتەی چوونە دۆزەخ واجب دەکات ئەوەیە مرۆڤ بمرێت لەکاتێکدا هاوبەشی بۆ خوا بڕیار دابێت، کەسێک یان شتێکی کردووە بە هاوبەش و هاوتا بۆ خوای گەورە لە خودایەتی -پەرستراوێتی- یان پەروەردگارێتی یان ناو و سیفەتەکانی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65008